# شیکردنەوەی شوێنی بۆ دابەشبوونی ئاوی ژێر زەوی لە سنوری قەزای شەقڵاوە

توێژینەوەیەکی وەرگیراوە لە تێزی دکتۆرای (پەیوەندی نێوان ڕووی زەوی و بەرهەمی ئاوی ژێرزەوی لەقەزای شەقڵاوە و تواناکانی وەبەرهێنانی)

سۆران عبدالفتاح عبدالله[1] پ.ی.د. نالی جەواد حەمەد[2]

[2-1] بەشی جوگرافیا- فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

مەبەست لە دابەشبوونی جوگرافیی ئاوی ژێرزەوی، خستنە ڕووی سەرجەم تایبەتمەندییە هایدرۆلۆجیەکانی ناوچەکەیە بەگوێرەی پلەبەندیی بەرزی و نزمی ناوچەی توێژینەوە، کە خۆی لە (دابەشبوون، قووڵی، بڕی بەرهەم، ئاستی جێگیر، ئاستی گۆڕاو، شوێنی ئەسترۆنۆمی، بەرزییان لە ئاستی ڕووی دەریا و ساڵی هەڵکەندن)ی بیرەکان دەبینێتەوە پێویستە ئاماژە بەوەبکەین کەوا زۆرترین بڕی بەرهەمی ئاوی ژێرزەوی دەکەوێتە هەرێمی بەرزی نزمی دووەم، کە بڕی بەرهەمیان دەگاتە (16800 گالۆن)ھ لە خولەکێکدا، وەکەمترینیش بەر بەرزترین هەرێمی سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوەدەکەوێت.

کلیلە وشە: ئاوی ژێرزەوی، ئاستی نەگۆڕ، بەرزی و نزمی، بڕی بەرهەم، ئاستی گۆڕاو.

**پێشەکی:**

باسکردن لە دەرامەتی ئاو و دیاریکردنی کێشە و چارەسەرەکانی لەهەر ناوچەیەک بێت لە بنەما سەرەکییەکانی کاری توێژەرانی جوگرافیایە، بەهۆی ئەوەی کە ئاوی ژێرزەوی لە زۆربەی شوێنەکاندا سەرچاوەکەی بۆ ئاوی داباریوی ناوچەکە و پاشان داچۆڕانی بەناو چینە جیۆلۆجیەکانی ناوچەکەدا دەگوازرێتەوە بۆخەزانەکانی ژێرزەوی ئەگەری گۆڕانی ڕەگەزە(کیمیایی و فیزیا)یەکانی هەیە، ئاوی ژێرزەوی بەهەموو ئەو ئاوانە دەگوترێت کە لە ژێرزەویدان بەشێوەی سروشتی وەك کانیاو دێتەرەوە یان بەشێوەی دەست کرد وەك بیر و کارێزەکان ( ئەحمەد، 2017، ل67)، لە نێوان کونیلە و درزەکانی پێکهاتە و چینە بەردەکان جووڵە دەکات، بە بەشێکی سەرەکی لە سوڕی سروشتی ئاو دادەنرێت، کە بەشێك لە ئاوی باران بۆ ژێرزەوی دەپاڵێویێ و لە حەشارگاکانی ژێرزەوی کۆدەبێتەوە و دواتر بۆ دووریەکی زیاتر دەڕوات، یاخود دەگەڕێتەوە سەر زەوی لە ڕێگەی کانی و دەریاچەکان و ڕووەکەکان بەکرداری هەڵمین(نتح) یان لە ڕێگەی هەڵکەندنی بیرەوە دەگەڕێتەوە (الانصاری، 1979، ص102).

**1-کێشەی لێکۆڵینەوە:**

1- بەرزی و نزمی هیچ کاریگەریەکی لە سەر دابەشبوونی ئەم دەرامەتە سروشتیە هەیە؟

2-ئاستەکانی (جێگیر و گۆڕاو)ی ئاوی ژێرزەوی بە گوێرەی یەکە بەرزی نزمیەکان گۆڕانی بەسەردادێت؟

**2-گریمانەی توێژینەوە:**

1-بەرزی و نزمی کاریگەریەکی دیاری بەسەر دابەشبوونی ئاوی ژێرزەوی هەیە.

3-ئاستەکانی (جێگیر و گۆڕاو)ی ئاوی ژێرزەوی بە گوێرەی یەکە بەرزی نزمیەکان گۆڕانی بەسەردادێت.

**4-ئامانجی لێکۆڵینەوە:**

1- دەستنیشانکردنی گەنجینەکانی ئاوی ژێرزەوی و دیاریکردنی شوێنە دەوڵەمەند و هەژارەکانی ناوچەکە.

2-شیکردنەوەی دابەشبوونی جوگرافیایی شێوەکانی ئاوی ژێرزەوی لەقەزاکەدا.

3-دەرخستنی بڕی ئاوی ژێرزەوی ناوچەکە وهەوڵدان بۆوەبەرهێنانی لەبوارەجۆربەجۆرەکان.

**5-گرینگی لێکۆڵینەوە:**

مجلة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 5 ، العدد 1 (2024)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 10يناير 2024
حقوق الطبع والنشر © 2024. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ زۆربەی چالاکیەکانی ڕۆژانەیان پشت بە ئاوی ژێرزەوی ناوچەکە دەبەستن، بەو پێیەی کە ئاوی سەرزەوی لە ناوچەکە کەمە و بەشی پێداویستیەکانی ناوچەکە ناکات، سەرەنجام دابەزین و پیسبوونی ئاوی ژێرزەویش زیان بەتەندروستی مرۆڤ دەگەیەنێت، بۆیە بەکارهێنانی تەکنیکی شیکاری شیکردنەوەی ئاماری و شوێنی لە سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان بۆ جێبەجێکردنی باشترین و ووردترین ڕێگایە کە وێنای تایبەتمەندی ئاوی ژێزەوی بکات.

**6-مێتۆدی لێکۆڵینەوە:**

جوگرافیا پاڵپشت بە سروشتی ناویەکداچووی ژمارەیەك زانستدا، پشت بە ژمارەیەك مێتۆدی ڕێگای توێژینەوە دەبەستێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەشێکی جوگرافیا ژمارەیەك مێتۆدی تایەبت بەخۆی هەیە، بۆ ئەوەی شیکردنەوەی داتاکانی بەڕێگەیەکی دروست بکات، بۆیە ئیمەش هەریەك لەم مێتۆدانەمان بەکارهێناوە، مێتۆدی هەرێمی، مێتۆدی هەرێمی و مێتۆدی وەسفی شیکاری.

**یەکەم// هەڵکەوتی شوینی لێکۆڵینەوە:**

**1- شوێنی ئەسترۆنۆمی سنوری قەزای شەقڵاوە:**

قەزای شەقڵاوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٠٠" 17' ٣٦°) و (٠٠" 40' 36°) ی باکوری نیوە گۆی زەوی وە هێڵەکانی درێژی (٠٠" 57' 43°) و ( ٠٠" 39' ٤٤°) لە ڕۆژهەڵاتی هێڵی درێژی گرنج، سەیری نەخشەی (1) بکە.

نەخشەی (1) شوێنی ئەسترۆنۆمی قەزای شەقڵاوە.




سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەستن بە بەرنامەی سیستەمی زانیاری جوگرافی (GIS 10.8)

*2- پێگەی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە:*

قەزای شەقڵاوە دەکەوێتە بەشەکانی ناوەڕاستی هەریمی کوردستانی عێراق، لە سنوری پارێزگای هەولێر، بەدووری (50کم)دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر، لە نەخشەی (2)دا بەدیاردەکەوێت، ئەم قەزایە دابەشی سەر (6)یەکەی ئیداری بوە ئەوانیش پێکدێن لە هەریەك لە ناحیەکانی (ناوەند، باسرمە، پیرمام، هەریر، هیران، بالیسان) ، لە نەخشەی (1)دا یەکەکارگێریەکانی قەزاکە دیاریکراوە.

سنوری هاوبەشی ئەم قەزایە لە باکور و باکوری خۆرهەڵاتی لەگەڵ هەریەك لە قەزاکانی (سۆران و ڕەواندز و ڕانیە)یە، بەڵام لە بەشەکانی باشور لەگەڵ هەریەك لە قەزاکانی(کۆیە و بنەسڵاوە) وە لە بەشەکانی خۆرئاوا باکوری خۆرئاوا لەگەڵ قەزاکانی(خەبات و ئاکرێ) سنوری هەیە.

نەخشەی (2) شوێنی قەزای شەقڵاوەی بەگوێرەی هەرێمی کوردستان.




سەرچاوە کاری توێژرە پشت بەست بە،

1- بەبەکار هێنانی بەرنامەی. (ArcGIS10.8) .

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی ئاماری هەرێم ، وەزارەتی پلاندانان، نەخشەی بنەڕەتی هەرێمی کوردستان.

**دووەم// تۆپۆگرافیای ناوچەی لێکۆڵینەوە:-**

دیاردەکانی سەر رووی زەوی بەرهەمی کۆمەڵێك گۆرانکاری چاخە جیۆلۆجیەکان و ئاووهەوان, کە بەدرێژایي مێژوو بەسەرناوچەکەدا هاتوون (نجم الدین ، 2012، ل 27)، کۆمەڵێك هۆکار بەرپرسن لە گۆرانکاری شێوەکانی رووی زەوی وەك (کەشکاری و راماڵین و داتاشین و دارمان و داخوران)، کە وەك هۆکاری دەرەکی بەرپرسن لە دروست بوونی شێوەکانی رووی زەوی, هەندێکیش بەهۆکاری ناوەکی دروست بوون کەسەرچاوەکەی ناخی زەویە, بە پرۆسە تەکتۆنیەکان ناسراون وەك بۆمەلەرزە و گڕکانەکان (صیف الدین، 1971، ل 91-99).

شێوەکانی ڕووی زەوی کاریگەرییەکی بەرچاویان لە سەر ئاوی ژێرزەوی هەیە, پلەی لێژی کاردەکاتە سەر خێرایی ڕۆیشتنی ئاو, بەخێرایی دێتە بەشەکانی خوارەوە, بەمەش ڕێگە نادات بە نقوم بوونی ئاو بەپێچەوانەی ناوچە تەختەکان دەرفەتی نقوم بوونی ئاوی زۆرە بۆ ناخی زەوی, هەروەها بەرزی و نزمی کاردەکاتە سەر بڕی باران و ڕۆڵێکی سەرەکیان دەبێت لە دابارین, کە لە نێوان بەرزاییەکان و دۆڵەکان دەرفەتی باشیان دەبێت بۆ گلدانەوەی ئاو و دواتر نقوم بوونیان بۆناخی زەوی بەهاوکاری فاکتەرەکانی تر(حسین، 1983، ص 45).

شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستانی عێراق کاریگەری کردۆتە سەر سیمای بەرزی و نزمی ڕووی خاکەکەی, بەیەکێك لەم هۆکارە سروشتییانە دادەنرێت کە ڕۆڵێکی گرینگ لە دیاری کردنی قەبارەی ئاوی ژێرزەوی لە چینەکانی زەویدا دەبینێت, خۆراکدەری ئاوی ژێرزەوی بە شێوەکانی ڕووی زەوی کاریگەردەبێت, لەبەرزاییەکاندا ڕێژەی باران بارین زیاد دەکات, ئەمەش یارمەتی زیادبوونی دادانی ئاو دەدات بۆ چینەکانی ژێرزەوی و دواتر دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستەکەی. ناوچەی لێکۆڵینەوە بە بوونی جۆراوجۆریەتی بەرزی و نزمی لێك جیادەکرێتەوە, کە خۆیان لە چیای بەرز و دۆل و گرد و دەشتی فراوان دەنوێنن, ئەم جۆراو جۆریەتی رووی زەویە وا دەکات ئەم ناوچەیە تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەبێت, (نجم الدین، 2012، ل 27).

بۆ شیکردنەوی ئەم تایبەتمەندیە هایدرۆلۆجیانەکانی سنوری قەزاکە، ناوچەی لێکۆڵینەوەمان دابەشی سەر پینج یەکەی بەرزی و نزمی جیاوازکردووە کە لە بەرزی (326م) لەئاستی رووی دەریا کە نزمترینی ناچەوەی لێکۆلینەوەیە تاکو (2500م)لە ئاستی ڕووی دەریا دەگرێتەوە. وەك لە خشتەی (1)دا بەرچاو دەکەوێت.

نەخشەی (3) دابەشبوونی بەرزی و نزمی ناوچەی لێکۆڵینەوە.




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە بەکارهێنانی بەرنامەی (ArcMap Arc Gis 10,8).

لە (46%)کۆی ڕووبەری گشتی قەزاکە، دەکەوێتە نزمترین هەرێمی ناوچەی لێکۆڵینەوە، کە رووبەرەکەی دەگاتە (685،5کم2)، ئەمەش هاوتای ، وە لەدوای ئەم هەرێمی بەرزی نێوان(800-1199م) لە ئاستی رووی دەریادێت، کەئەویش رووبەرەکەی دەگاتە (610،6کم2)دەکاتە لە (41%)کۆی رووبەری قەزای شەقڵاوە، ئەوەی کەماوەتەوە هەرسێ هەرێمەکەی تر کە بەرزیان لە (1200م دەست پێدەکات تاکو 2500م) تەنها لە (12،9%)رووبەری قەزاکە لە خۆدەگرن. بۆیە واپێویستە بیرەکان بەگوێرەی بەرزیان شوێنیان لە هەریمەکە دیاری بکەین و شیکردنەوە بۆ سەرجەم داتاکانیان بکەین.

خشتەی (1) داتای بەرزونزمی سنوری قەزای شەقڵاوە

| ز | ئاستی بەرزی | ڕووبەر لە کۆی قەزاکە (کم2) | ڕێژەی لە (%) |
|---|---|---|---|
| ١ | 326 – 799 | 685.5 | 46.1 |
| ٢ | 800 – 1199 | 610.6 | 41 |
| ٣ | 1200 – 1599 | 161.1 | 10.8 |
| ٤ | 1600 – 1999 | 29.5 | 2 |
| 5 | 2000 – 2500 | 1.8 | 0.1 |
| 6 | کۆی گشتی | 1488.5 | 100 |

سەرچاوە: کاریتوێژەر پشت بەست بە نەخشەی (3)

**سێیەم// تایبەتمەندی هایدرۆلۆجی بیرەکان لە بەرزی ( 326 – 799م) لە ئاستی ڕووی دەریا:-**

مەبەست لە تایبەتمەندیەهایدرۆلۆجیەکانی ئاوی ژێرزەوی هەرناوچەیەك، بریتیە لە خشتەنەڕووی دابەشبوونی بیر وکانی کاریز، هەروەها پێوانەی بڕی بەرهەمی ئاو و ئاستی جێگیر و گۆڕاوی بیرەکانە، بۆیە ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین بەووردی لەسەر ئەم بابەتە بدوێن.

بیر، بریتیە لە هەڵکەندنی چاڵێکی ستونی لەزەویداو لە مەترێك کەمتر نیە لەسەرزەویەوە دەست پێدەکات تادەگاتە ئاستی ئاوی ژێرزەوی(Water Table) (حسن، 2010، ل 40)، وە بیرەکان ڕێگەیەکی باو و گرینگە بۆ دەستکەوتنی ئاوی ژێرزەوی لە گەنجینەکانی ژێرزەوی (قادر، 2012، ص 61)، هەڵکەندنی بەدەست یان بە هەندێك ئامێرێکی تری سەرەتایی یەکەم ڕێگەی بەدەست هێنانی ئاوی ژێر زەوی بووە، بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی مرۆڤ لە ئاو و پاشان لەم سەدەی دوایدا ئەم ئالات و ئامێرانە پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی (الطالبانی، 2009، ص 46).

لەگەڵ هاتنی ساڵانی وشکە ساڵی لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەرە بەرە بیرەدەستیەکان وشکیانکرد بەهۆی ئەم بارودۆخە ئاو و هەواییەی کەچەند ساڵێکە ڕوویان لە ناوچەکە کردووە بۆتە هۆی دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی کە ساڵانە بڕێکی کەم لە باران دەبارێت، بۆیە خەڵکی ناچار بوو پەنابەرێتە بەر هەڵکەندنی بیر بە ئامێری پێشکەوتوو، بەتایبەتی لە دوای ڕووخانی حکومەتی بەعس ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئامێري هەڵکەندنی بیری تایبەت بڵاو بۆوە، هەڵکەندی بیری تایبەتی بە نرخێکی گونجاو بەتایبەتی لە ناوچە دێهاتەکان بەهۆی کەمی سەرچاوەی ئاوی بیرەکان.

بیرەکانی سنوری لێکۆڵینەوەمان دابەشی ئەم جۆرانە بوون.

**أ- بیری کەرتی گشتی(بیري قووڵ)(حکومیەکان):-** ئەو جۆرە بیرانەن کە بەشێوەیەکی فەرمی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی هەولێر لە نێوان ساڵانی(2005 -2019)دایە، بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ژیانیان بە تایبەت لەو گوندانەی کە دەکەونە دووری سەرچاوە ئاویەکانی سەرزەوی. بڕوانە هەریەك لە خشتەکانی(1، 2،3)ی پاشکۆ.

**ب- بیری تایبەت(ئەهلییەکان):-** ئەم جۆرە بیرانە دەگرێتەوە کە لەلایەن هاوڵاتیانی ناوچەکەوە بە ئامێر هەڵدکەندراون و ژمارەیەکی زۆر لەم بیرانە بوونیان هەیە، کە هەندێکیان لەلایەن حکوتەمەوە ڕێگەی هەڵکەندنی دراوە و بەشێکیشیان بەبێ ئاگای حکومەت بەشێوەیەکی نایاسایی لەلایەن هاوڵاتیانی ناوچەکەوە هەڵکەندراون، هەربۆیە بەهۆی نایاسایی هەڵکەندنیانەوە هەندێك لەم جۆرە بیرانە هیچ داتا و زانیاریەك لە سەریان دەست ناکەوێت.

تایبەتمەندیە هایدرۆلۆجیەکانی هەر هەرێمێك پێویستی بە شیکردنەوەی داتا و زانیاریەکانی ئاوی ژێرزەوی ناوچەکە هەیە، بەتایبەت تایبەتمەندیەهایدرۆلۆجیەکانی بیرەکانی ناوچەکە بەسەرجەم جۆرەکانیەوە. خستنە ڕووی تایبەتمەندیە هایدرۆلۆ جیەکان بۆ بیرەکانی نزمترین ئاست لەڕووی دەریاوە دەکەوێتە بەشی باکور و باکوری خۆرئاوای قەزای شەقڵاوە، کە زۆرترین ڕووبەری هەریەك لە ناحیەکانی (هەریر، باسرمە و صلاحەدین) لە خۆدیگرێت، بەهۆی ئەوەی زۆربەی زەویەکانی ئەم ناحیانە لە ئاستی بەرزی نێوان(326 – 799م)دایە لە ئاستی ڕووی دەریا، زۆرترین ڕووبەر لە قەزای لێکۆڵینەوە داگیردەکات بە ڕووبەری ( 685.5کم2) کە دەکاتە لە (46.1%)ی کۆی ڕووبەری قەزاکە، سنوری باکوری خۆرئاوای لەگەڵ زێی گەورەیە بۆیە نزمترین خاڵی ناوچەی لێکۆڵینەوەمان بەر ئەم ناوچەیەدەکەوێت.

ژمارەی بیرەکانی ئەم دەگاتە (123)بیر، کە لە هەردو جۆری گشتی و تایبەت خۆی دەبینێتەوە، ئەگەر بەسەر ڕووبەی ئەم هەرێمەی دابەش بکەین ئەوە هەر(1کم2)تەنها (0،179)بیری بەردەکەوێت، کە ئەمەش کەمترە لە چڕی بیرەکان لە هەرێمی دوەم و وە زیاترە لە هەمان چڕی لە هەرێمی سێیەم، ئەویش بەهۆی یەوەی لەلایەك ئەم ناوچەیە نزمترین بەشی ناوچەکە لە خۆی دەگرێت کە کەوتۆتە نزیکی لێواری زێی بچوك و کۆمەڵێك ڕووبار بەناودا گوزەردەکەن پشت بەست بە نەخشەی (1)ی پاشکۆ، لەلاکەی تر بڕی بەرهەمی بیرەکان بڕێکی زۆرە بەهۆی ئەوەی کە لە قوڵی یەکی کەمتر دەگەنە ئاو وەك لە خشتەی (3)دا دیارە، بۆ بەدیارخستنی چۆنیەتی دابەشبوون و تایبەتمەندیەکانی ئاوی ژێرزەوی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەم شێوەیە دەیانخەینەڕوو.

**1-شێوازی دابەشبوونی بیرەکان بە ڕێگای پەیوەندی هاوسێیەتی:**

پەیوەندی هاوسێیەتی( average nearest nelghbor ) بەیەکێك لە گرنگترین پێوەرە ئاماریەکان هەژماردەکرێت، بۆ ناسینی شێوازی دابەشبوونی دیاردە

جوگرافیەکان لە یەکە و ڕووبەرێکی دیاریکراودا، گرنگی ئەم بابەتە لەوەوە هاتووە کە پشت بە ڕێگایەکی ئاماری دەبەستێت بۆ پێوانەکردنی ماوەی بڵاو بوونەوەی ڕەگەزەکانی دیاردەیەک بەدەوری یەکتردا لە دابەشبوونە شوێنیەکەیاندا، بەجۆرێک دەکرێت دابەشبوونەکە هەڕەمەکی یان ڕێک و پێک یان کۆکراوە بێت، ئەگەر دابەشبوونەکە شێوازێکی دیاریکراوی وەرگرتبوو ئەوە بەمانای ئەوەدێت کە هێزێک و هۆکارێک لەپشت ئەم جۆرە دابەشبوونەدا هەیە (کاڕەش، 2016، ل73).

ئێمە لێرەدا پەنا بۆئەم پێوەرە دەبەین بۆ زانینی شێوازی دابەشبوونی بیرەکان لە سنوری قەزای شەقڵاوە، بەپشت بەستن بە سیستەمە زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)، هەروەها بۆ زانینی بەهای ڕێبەری شێوازەکانی دابەشبوون بڕوانە خشتەی ژمارە(2).

نەخشەی (4)دابەشبوونی بیرەکان بەگوێرەی بەرزی و نزمی سنوری ناوچەیلێکۆڵینەوە.




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (1)ی پاشکۆ.

لە شیکاری دابەشبوونی بیرەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە کە دەرئەنجامی بەهای شیکردنەوەی پەیوەندی هاوسێیەتی بریتیە لە(0.511582)ئەم بەهایەش دەکەوێتە ماوەی نێوان(0.50 – 0.99) کە بەواتای کۆبووەوەی نزیک لەهەڕەمەکی دێت، وەك لە شێوەی ژمارە(1) بەدیاردەکەوێت. لەگەڵ ئەوەی بەهای (z-score) بریتیە لە(-10،488) کە ئەمەش بچوکترە لە بەهای (p-value) کە بریتیە لە (0.00000) لەبەرئەوە گریمانەی بنەڕەتی(سفری) ڕەت دەکەینەوە کەدەڵێت هیچ هۆکارێک نیە لە پشت دابەشبوونی بیرەکان بەشێوەی کۆبوەوەی نزیک لەهەڕەمەکی، هەروەها گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکەین کە دەڵێت دابەشبوونی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار کە گرنگترینیان بریتیە لە بەرزی و نزمی ناوچەکە و دور و نزیکی لە سەرچاوە ئاویەکانی سەر ڕووی زەوی وەك ڕووبارەکان و جیۆلۆجیا و جۆری خاك و و ڕووپۆشی ڕووەکی لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکە.

خشتەی (2) بەهای ڕێیەری شێوازی دابەشبوون

| ز | بەهای هاوکۆلکەی ئاماری | شێوازی دابەشبوونی |
|---|---|---|
| ١ | 0.09 – 0.00 | کۆبووەوە(متجمع) |
| ٢ | 0.49 – 0.1 | کۆبووەوەی نزیک لە هێشوویی(متقارب عنقوی) |
| ٣ | 0.99 – 0.50 | کۆبووەوەی نزیک لە هەڕەمەکی(متقارب عشوائی) |
| ٤ | 1.19 – 1.00 | هەڕەمەکی(عشوائی) |
| ٥ | 2.15 – 1.20 | لەیەک دوور (متباعد) |

شێوەی (1) دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی بۆ بیرەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی (Arc GIS 10.8) پشتبەست بە نەخشەی (14).

2

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 1، العدد 1 (2020)
أُستلِم البحث في 26 يناير 2020؛ قُبل في 12 آذار 2020
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 26 نيسان 2020
البريد الإلكتروني للمؤلف :
حقوق الطبع والنشر © 2020 أسماء المؤلفين. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

**- قوڵی بیرەکان:-** ئەم تایبەتمەندیەی بیرەکان کاریگەری زۆرە، بە هۆی ئەوەی سەر جەم داتاکان دوای هەڵکەندن و قوڵکردنیان سەرچاوەدەگرێت، بۆیە لە دەستپێکی باسکردنی تایبەتمەندی هایدرۆلۆجی بیرەکان شیکردنەوەی بۆ دەکەین، پێویستە بەووردی و بە گوێرەی هەرێمەکانی بەرزی و نزمی ئاماژەی بۆ بکەین.

بێگومان بیرەکانی ئەم هەرێمە لە قوڵیدا جیاوازیەکی زۆریان تیادا بەدیدەکرێت، ئەم جیاوازیەش بۆ جیاوازی هەڵکەندنیان و بەرزیان لە ئاستی ڕووی دەریا و ئاستی ئاوی ژێرزەوی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی قوڵی بیرە گشتیەکان لە پلەی یەکەمدان، کە قوڵیان لە نێوان (21 – 350م)دایە، بە شێوەیەك ئەم بیرەی کە قوڵیەکەی (21م) تەنها (388م) لە ئاستی دەریا بەرزە کە دەکەوێتە سنوری ناحیەی هەریر نزیك لە زێی بچوك لە ساڵی (2010)دا هەڵکەندراوە، هەروەها ئەو بیرەی کە قوڵترین قوڵی ئەم هەرێمەی بەردەکەوێت بەرزیەکەی دەگاتە (631م)ە لە ئاستی ڕووی دەریادا وە لە ساڵی(2012)دا هەڵکەندراوە. بەڵام قوڵی بیرەکانی کەرتی تایبەت لە نێوان (84 – 280م)دایە، کەمترینی بیری (ڕەشید انوەر) لە گوندی شاوەیسیان لە ناحیەی هەریر لە بەرزی (765م) لە ئاستی ڕووی دەریا هەڵکەندراوە، بەڵام قوڵترین بیر بەناوی(فتحی محمد ابراهیم) لە گوندی بەربیان لە ناحیەی صەلاحەدینە لە بەرزی (557م) لە ئاستی ڕوویی دەریا هەڵکەندراوە، وە بەگوێرەی ئەم داتایەی لە ئەنجامی شیکاری ( SPSS ) دەستمان لە خشتەی (1) خستوتمانە بەرچاو ئەم تایبەتمەندیە بۆ قوڵی سەرجەم بیرەکان لە نێوان (21 – 350م)دایە، کە ئەمەش هەمان قوڵی بیرە گشتیەکانە، کە فەرمانگەکانی میری بەهەڵکەندنی هەڵساون لە ناوچەکە. پێویستە ئەوە بگوترێت ناوەندی ژمێرەیی قوڵی بیرەکانی ئەم هەرێمە دەگاتە (167،25م) بەهەردوو جۆری گشتی و تایبەتیەوە، هەروەها لادانی پێوانیشیان دەگاتە (62.447م)، ئەم لادانە زۆر نیە بەوپێیەی کە جیاوازی لە نێوان قوڵترین و کەمقوڵترین زۆرنیە.

**3- توانای بەرهەم:-** ئەو بڕە ئاوەیە کە بیرەکان بەرهەمیدێنن لەیەکەیەکی کاتدا، یان لە ڕێگەی ئامێری هەڵهێنجان (ترۆمپا)، یان دوای هەڵکەندنی بیرەکە لە خۆوە دێتە سەرزەوی، کە بەیەکەی (گاڵۆن/خ) یان (گ/خ) پێوانە دەکرێت (الطائی، 2005، ص 35)، ئاستی توانای بەرهەمی بیرەکان بەپێی پۆلێنی(نضیر الأنصاري)دابەش دەکرێت بۆ چوار بەشی سەرەکی، توانای بەرهەمی بیر زیاتر بێت لە (١٠گ/خ) بەرهەمەکەی زۆر باشە، بەڵام ئەگەر توانای بەرهەمی بیر لە نێوان (٣ - ١٠گ/خ) بێت بەرهەمەکەی باشە، وە توانای بەرهەمی لە نێوان (١ - 3گ/خ)دا بێت بەرهەمەکەی مام ناوەندە، هەروەها ئەگەر توانای لە (١گ/خ) کەمتربێت ئەوە لاوازە ( التمیمی، 2013، ص 1163)، ئەوەی شایەنی باسە ئێمە بەرهەمەکەمان بە پێوەری یەکەم وەرگرتووە کە (گاڵۆن/خولەك)ە، بەهۆی ئەوەی وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کە بەرهەمی بیرەکان تارادەیەك زۆرە و وە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی هەولێریش بە هەمان یەکەیان پێوانەکردووە.

نەخشەی (5) دابەشبوونی بەرهەمی ئاوی ژێرزەوی بە (گ/خ)دا، لە سنوری قەزای شەقڵاوە.




سەرچاوە/ کاریتۆێژەر پشت بەست بە خشتەکانی (1) و (2) و (3) ی پاشکۆ و خشتەی (4) و(6) .

بیره گشتیەکانی ئەم ناوچەیە بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی بەرهەمیان نزیکە لە بیره تایبەتەکان، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەت هەڵدەستێت بە پشکنین لەلایەن ئەندازیاری جیۆلۆجی پێشتر شیکردنەوە بۆ ناوچەکە دەکات ئایە ئاوی ژێرزەوی بوونی هەیە یان نا، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی نەخشەی جیۆلۆجی ناوچەکە ئایە ناوچەکە بە چ پێکهاتەیەك داپۆشراوە، ئایە ئەم پێکهاتەی کە لە قوڵیدان بۆ گلدانەوەی ئاو بەسودن یان ڕێگرن، هەروەها قوڵکردنی زیاتری بیرەگشتیەکان لە بیره تایبەتیەکان کە پێشتر ئاماژەمان بەقوڵیەکانیشکرد، ئەمەش هۆکاری دووەمی ئەم جیاوازیە یە.

خەسڵەتەکانی بەرهەم هێنانی بیرەکان لەم خاڵانەدا بەدیار دەکەون.

أ-توانای بەرهەمی سەرجەم بیرەکانی کەرتی گشتی ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان (5 – 325گ/خ)دا، بە تێکڕای توانای بەرهەمیان یەکسانە بە(91 گ/خ)دا بۆ هەربیرێکی گشتی.

ب- زۆرترین بڕی بەرهەم بیری گشتی هەردوو بیری گوندەکانی (شێراوە و کونەقیر) کە هەردووکیان دەکەونە سنوری ناحیەی باسرمە، یەکەمیان لە بەرزی (778م) ئەوی تریان (627م) لەئاستی ڕووی دەریا لە ساڵی (2018)داهەڵکەندراون.

ج- بە شێوەیەکی گشتی توانای بڕی بەرهەمی بیره تایبەتیەکانی ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان(25 – 300 گ/خ)دا، وە ناوەندی بەرهەمیشیان بەگشتی (145 گ/خ) تۆماردەکەن. زۆرترین بڕی بەرهەم هەردوو بیری(رەشید انور رەشید) کە لە گوندی (شاوێستان) لە ناحیەی هەریر و ( سەعد نوری عبدالله) لە گوندی دەربەندی سەید لە ناحیەی صەلاحەدین لە بەرزی ( 448م) لە ئاستی ڕووی دەریا تۆماری دەکەن. کە لە ساڵەکانی (2010 و 2014)دا هەڵکەندراون. بەڵام کەمترین بڕ بیری (نزار حسین) لە گوندی رکاوە لە ناحیەی باسرمە لە بەرزی (529م) کە لە ساڵی (2017)دا هەڵکەندراوە تۆماری دەکات.

د- ناوەندی ژمێرەیی بەرهەمی سەرجەم بیرەکان دەگاتە (113.07گ/خ)دا. بەڵام کۆی بەرهەمی سەرجەم بیرەکان لە سنوری بەرزی (329 – 799م)دەگاتە (13908 گ/خ)دا. مەودای بەرهەمی بیرەکانی ئەم ناوچەیە (320گ/خ)دایە.

س- هەروەها ئاستی لادانی پێوانەیی بڕی بەرهەمیش دەگاتە (77،368گ/خ)دا، کە بەبەراوردی ناوەندی ژمێرەیی جیاوازیان (35.702گ/خ)دا، کەتارادەیەك جیاوازیەکی زۆر نیە.

ئەوەی لەم چەند خاڵەی تایبەت بەبڕی بەرهەمی بیرەکان بەهەردوو جۆری گشتی و تایبەت تێبینیمانکرد ئەوەیە، کە بەرهەمی سەرجەم بیرەکان بڕێکی بەرزە بۆیە بۆدانیشتوان سودێکی زۆری لێوەردەگرن

**4- ئاستی جێگیر:-** ئەم ئاستەیە کە ئاوی ژێرزەوی ناوچەکە پێش هەڵهێنجانی تیایدا ڕاوەستاوە، ئەو ئاستەش یەکسانە بە پاڵە پەستۆی هەوایی و پاڵە پەستۆی (هایدروستاتیکی) لە ڕووی سەرەوەی ئاوی ژێرزەوی لە گەنجینەکاندا(David، 1959، P.150 ) هەڵبەز و دابەزی ئەم ئاستەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك وەك دابارین و پڕکردنەوەی عەمبارەکانی ئاوی ژێرزەوی(Recharge) و بڕی دەرهێنانی (Aqrawi ، p.119, 2003)

سەبارەت بەم ئاستەی ئاو لەم ناوچەیەدا قوڵی ئەم ئاستەی سەرجەم بیرەکانی هەردوو جۆرەکەیەوە لەم هەرێمە دەکەوێتە نێوان(0 – 122م)، کە مەودای ئەم دوو داتایەش دەکاتەوە (122م)، ژمارەی ئەم بیرانەی ئاستی ئاوەکەیان یەکسانە بە ئاستی ڕووی زەوی ژمارەیان (14)بیرە، لەم ژمارە (11)بیریان بەر بیری کەرتی گشتی دەکەوێت وە بەهەمان شێوە قوڵترین بیری ئەم ئاستەش هەر بیری کەرتی گشتی تۆماری دەکات، بەڵام بیری کەرتی تایبەت ئەم ئاستەی دەکەوێتە نێوان (0 – 73م)ەوە، ژمارەی ئەم بیرانەی ئەم ئاستەیان وەك ئاستی ڕووی زەوی ناوچەکەیە (3)بیرە، وە قوڵترینیش (2)بیرن کە دەکەونە گوندەکانی تۆپزاوە لە ناحیەی صەلاحەدین بەبەرزی (550م) لە ئاستی ڕووی دەریا کە لەساڵی( 2013) هەڵکەندراوە، وە بیری دووەم کە هەمان ئاستی قوڵی تۆماردەکات دەکەوێتە گوندی بانەمان لەهەمان ناحیە لە بەرزی (765) لە ساڵی (2012)هەڵکەندراوە.

ئەوەی مایەی هەڵوێستە لە سەر کردنە و پێویستە بگوترێت ناوەندی ژمێرەیی قوڵی ئەم ئاستە لە سەرجەم بیرەکان دەگاتە (32،59م)ە، وە مەودای گشتیشیان (122م)ە کە ئەنجامی شیکاریە لە خشتەی (1)دیارە. هەر لەم خشتەیەدا وا بەرچاودەکەوێت کە لادانی ژمێرەیی لەگەڵ ناوەندی ژمێرەیی (2.952)ە، ئەمەش کەمترین جیاوازیە لە نێوان داتا هایدرۆلۆجیەکانی ئەم هەرێمە.

**5- ئاستی ئاوی جوڵاو:-** ئەم ئاستەی ئاوی بیره دوای ڕاکێشان و هەڵهێنجانی بەهۆی ئامێری مژۆکەوە ئاوەکەی تیایدا جێگیر دەبێت ( خلیل، 2005، ص 193)، کە لە

ناوچەیەك بۆ ناچوەیەكی تر جیاوازی ئەم ئاستە بەدی دەكریت، بۆیە ئێمەش بەداتا وەك لە خشتەی بیرەكان ئاماژەمان بۆ كردووە دەیخەینەڕوو.

بەشێوەیەكی گشتی لەم هەرێمە بەرزی و نزمیە جیاوازی بەم ئاستەی بیرەكانەوە دیارە، بۆیە بیرەكانی كەرتی گشتی ناوچەكە لەم ئاستەدا لە نێوان (0 – 210م)دایە كە ئەمەش جیاوازیەكی زۆرە لەنێوان كەمترین ئاست و زۆرترینی ئەم جۆرە بیرە كە جیاوازیەكە (210م)ە، كەمترینی ئەم ئاستە بەر بیری گوندی (بەرگەدەگەور) دەكەوێت لە ناحیەی هەریر كە شوێنی هەڵكەندی تەنها (567م) لە ئاستی رووی دەریا وە لە ساڵی (2010)دا هەڵكەندراوە. بەڵام زۆرترین قوڵی ئەم بیرانە لە گوندی مەلائۆمەر لە سنوری ناحیەی صەلاحەدین لە بەرزی (673م) لە ساڵی (2012)دا هەڵكەندراوە. كە جیاوازی ئاستی بەرزی ئەم دوو بیرە لە ئاستی رووی دەریا دەگاتە (296م).

خشتەی (3)داتای هایدرۆلۆجی بیرەکانی هەرێمی بەرزی نێوان ( 326 – 799م) لە ئاستی رووی دەریا.

| ز | تایبەتمەندی | ژمارە | بچوکترین | گەورەترین | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | مەودا | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | قووڵی | 123 | 21 | 350 | 167،82 | 62.518 | 329 | 20519 |
| ٢ | بەرهەم | 123 | 5 | 325 | 113.07 | 77،368 | 320 | 13908 |
| ٣ | ئاستی جێگیر | 123 | 0 | 122 | 32،59 | 29،638 | 122 | 4008 |
| ٤ | ئاستی گۆراو | 123 | 0 | 210 | 59.38 | 38،376 | 210 | 7304 |
| ٥ | بەرزی | 123 | 316 | 799 | 634،59 | 135.177 | 483 | 87054 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (1)ی پاشکۆ.

وە ناوەندی ژمێرەیی ئەم ئاستەی هەمو بیرەکانی ئەم ناوچەیە (59،39م)ە، کەواتە ناوەندی ژمێرەیی ئەم ئاستە لە قوڵی جیاوازی نێوان بیرەکان سەرچاوەی گرتووە کە قوڵی ئەم ئاستەی سەرجەم بیرەکان لە نێوان(0-210م)دایە،

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئاستەی بیری تایبەت کە خاوەن بیرەکان خۆیان هەڵیان کەندووە لە نێوان ( 9 – 165م)دایە، کەم قوڵترینیان (أسعد رەشید و هاوبەشەکانی) لە گوندی (شاوێس) لە ناحیەی هەریر لە بەرزی (575م) لە ئاستی رووی دەریا لە ساڵی (2013)دا هەڵیان کەندووە، بەڵام قوڵترینی ئەم ئاستە لە بیری (کەنعان رەشید محمد) لە گوندی هەنارە لە بەرزی (764م) لە ئاستی رووی دەریا لە ساڵی (2013)دا هەڵکەندراوە.

ئەگەر سەیری خشتەی شیکاریەکە بکەین دەبینین کە ناوەندی ژمێرەیی ئەم ئاستە دەگاتە (69،38م) و وە لادانی ژمێرەیی دەگاتە (376،38م)ە، وە جیاوازی نێوانیان یەکسانە (31.004م)ە، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە لادانەکەی لە زۆربەی داتا هایدرۆلۆجیەکانی تر کەمترە، بەهەمان شێوەی بیرە گشتیەکان ئەم جیاوازیە لە بیرە تایبەتیەکانیشدا بەدی دەکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر بە هۆی نزیکی ئاستی بیرەکان لە یەکتر و زۆری ژمارەیانەوە.

**چوارەم// تایبەتمەندی هایدرۆلۆجی بیرەکان لە بەرزی ( 800 – 1199م) لە ئاستی ڕووی دەریا:**

ئەم ناوچەیە دووەم هەرێمی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە لە قەزای شەقڵاوە، دەکەوێتە بەشەکانی باشور و باشوری خۆرهەڵات و درێژدەبنەوە تاکو ناوەراستی قەزاکە، دابەشی سەر ناحیەکانی (ناوەندی شەقڵاوە، بالسیان، سەلاحەدین و بە شێکی بچوکیش لە باسرمە)دەبن، واتە تەنها ناحیەی هەریری تیانیە، ئەم ناوچەیە هەروەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردووە دەوێتە نێوان هێڵەکانی بەرزی( 800 – 1199م) لە ئاستی ڕووی دەریا، وە رووبەرەکەی دەگاتە (610.6کم2)، ڕێژەی لە (41%) سەرجەم قەزای شەقڵاوە لە خۆدەگرێت، کە زۆرترین ژمارەی بیر لەم هەرێمە هەڵکەندراوە، ئەم ژمارەی بەردەستی ئیمە کەوتووە بەداتای هادیرۆلۆجیەوە شیکردنەوەمان بۆکردووە دەگاتە (203بیر) بەهەردوو جۆی تایبەتی گشتی یەوە، ئەگەر بەراوردی نێوان رووبەری هەرێمەکانی تری بکەین دەبینین زۆرترین چڕی بیرەکان لەم هەرێمە بەرچاودەکەوێت کە بۆ هەر (1کم2) (0.33بیر) بەردەکەوێت، زۆری بیر لەم ناوچەیە بۆ دوو هۆکار دەگەڕتەوە لەلایەك ئەم ناوچەیە تارادەیەك بەرزە کەمتر سوود لە ئاوی رووبارەکان وەردەگرن کە ناچار بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکانیان ناچارن بیر هەڵبکەنن، وە لەلایەکی تر زۆرترین ژمارەی دانیشتوان لەم ناوچەیەدانیشتووە کە هەر چەندی ژمارەی دانیشتوان زۆربێت پێویستی زیاتریان بەئاو هەیە.

ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان هەرێمی بەرزی و نزمی زۆر و هەرێمی کەمترین بەرزی، واتە دەکەوێتە بناری چیاکان، ئەوەش ئەوەدەگەیەنی شوێنی کۆکردنەوەی ئاوە بۆ خەزانەکانی ئاوی ژێرزەوی سنوری قەزای شەقڵاوە. زۆربەی زنجیرە چیاکانی ناوچەکە بەرزیەکانیان لە کۆتا بەرزی ئەم ناوچەیەوە دەست پێدەکات، وەك چیاکانی (سەفین و پیرمام و شەکرۆك و کاموسەك)، ئەمەش سەلمێنەری ئەم راستیەیە کە زۆربەی ئاوی داباریوی سەر ئەم چیایانە دادەچۆڕێنە پێدەشتی چیاکان و دەبنە سەرچاوە بۆ پرکردنی کۆگانی ئاوی ژێرزەوی ئەم ناوچەیە، کەواتە بەگشتی ئەم ناوچەیە دەوڵەمەندە بەئاوی ژێرزەوی، بە پێویستی دەزانین باسی تایبەتمەندیە هایدرۆلۆجیەکانی بیرەکانی ئەم ناوچەیە بکەین، بیرەکانی ئەم ناوچەیە بەشێوەیەکی پەرش و بڵاو دابەشی سەر ئەم هەرێمە بوون، بەجۆرێك هیچ ناوچەیەك نیە ئەگەر بێبەش بووووێت لە بوونی بیر لەم هەرێمە ئەمەش یارمەتی توێژەردەدات کە بەووردی شیکردنەوە بۆ سەرجەم بەشەکانی ناوچەکە بکات.

**1- شێوازی دابەشبوونی بیرەکان بەڕێگای پەیوەندی هاوسێیەتی:**

پەیوەندی هاوسێیەتی( nearest nelghbor Index) لە نێوان هەربابەتێك کە لێکۆڵینەوەی زانستی لە سەر ئەنجامدەدرێت بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ کارێکی پێوستی هەمیشەییە، بۆیە ئێمەش لەم ڕێگەوەیەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە شێوازی دابەشبوونی بیرەکان لە چ جۆرە دابەشبوونێك خۆی دەبینێتەوە، ئێمە لێرەدا پەنا بۆئەم پێوەرە دەبەین بۆ زانینی شێوازی دابەشبوونی بیرەکان لە سنوری

قەزای شەقڵاوە، بەپشت بەستن بە سیستەمە زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)، هەروەها بۆ زانینی بەهای ڕێبەری شێوازەکانی دابەشبوون بڕوانە خشتەی ژمارە(1).

بەم شێوەی لای خوارەوە کە بە ژمارە (2)خراوەتەڕوو ئەنجامی شیکاریەکەی دوای بەراوورد بە خشتەی (2) خۆی لە کۆبووەوەی نزیک لەهەڕەمەکی دەبینێتەوە، بەوپێیەی کە ئەنجامی شیکاریەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو ژمارەی (0.50 – 0.99)، کە دروست ئەنجامەکەی بریتیە لە (0.547551)، لەگەڵ ئەوەی بەهای (z-score)بریتیە لە(12،302020-) کە ئەمەش بچووکترە لە بەهای (p-value) کە بریتیە لە (0.000000) لەبەرئەوە گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکەین کە دەڵێت دابەشبوونی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار کە گرنگترینیان بریتیە لە بەرزی و نزمی ناوچەکە و دورو نزیکی لە سەرچاوە ئاویەکانی سەر ڕووی زەوی وەك رووبارەکان و جیۆلۆجیا و جۆری خاك و و ڕووپۆشی ڕووەکی لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەکە، وە گریمانەی بنەڕەتی(سفری) ڕەتدەکرێتەوە کەدەڵێت هیچ هۆکارێک کاریگەری لە سەر دابەشبوونی بیرەکان نیە بەشێوەی کۆبووەوەی نزیک لەهەڕەمەکی، هەروەها.

شێوەی (2)دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی بۆ بیرەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی (Arc GIS 10.8) پشتبەست بە نەخشەی (6) و خشتەی (2)پاشکۆ.

نەخشەی (6) دابەشبوونی بیرەکان لە سنوری بەرزی (800- 1199م)لە ئاستی رووی دەریا لە قەزای شەقڵاوە.




سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (2)ی پاشکۆ

**2- قوڵی بیرەکان:** بیرەکان لەم هەرێمە قوڵی جیاواز تۆماردەکەن، بە گوێرەی شوێنی جوگرافیان و بەرزیان لە ئاستی ڕووی دەریا قوڵیەکەیان گۆڕانی بەسەر دادێت، ئێمە وەك هەمیشە بۆ باسی قوڵی باس لە قوڵی هەردوو جۆری بیرەکان دەکەین، بەڵام بۆ سەرەتا قوڵی گشتی بیرەکان دەخەینە ڕوو، ئەوەی شایەنی باسبێت قوڵی سەرجەم بیرەکان دەکەوێتە نێوان ( 60 – 326م) ، هەردوو قوڵیەکە لە بیرە تایبەتەکان تۆمارکراوە، وە ناوەندی ژمێرەیی قوڵی بیرەکان دەگاتە (164.85م).

شیکردنەوەی زیاتری قوڵی بیرەکان بۆ هەرجۆرێکیان بەم شێوەیەیە، قوڵی بیرەگشتیەکانی لە نێوان ( 64 – 301م) لە ئاستی ڕووی دەریا، بیری یەکەم لە بەرزی (876م) لە ساتی ڕووی دەریا لە گەرەکی کاوانیان هەڵکەندراوە لە ساڵ (2019)دا. بەڵام قوڵترینی لە بەرزی (1142م) لە ناحیەی بالیسان لە ساڵی (2008) هەڵکەندراوە، ئەوەی شایەنی تێبینییە جیاوازی قوڵی نێوان ئەم دوو بیرە دەگاتە ( 237م)ە، وە جیاوازی بەرزیشیان لە ئاستی ڕووی دەریاوە دەگاتە (666م)ە، کەواتە دەکرێت ئەم پرسیارە بوروژێنین ئایا بەرزی کاریگەری لە سەر قوڵی بیرەکان هەیە؟.

هەروەها بیرەکانی کەرتی تایبەت لەم ناوچەیە جیاوازیی قوڵیان لە ( 60 – 326م)ە، کە یەکەمیان دەکەوێتە بەشی باشوری خۆر ئاوای ناوچەکە لە ناحیەی هیران لە بەرزی (946م)لە ساڵی (2008) هاوڵاتی (نورەدین) هەڵیکەندووە.

بەڵام بیری دووەم هاوڵاتی (أحمد عزیز) لە گوندی پونگینە لە سنوری ناحیەی (هیران )لە ساڵی (2018) لە بەرزی (1018م) لە ئاستی ڕووی دەریا هەڵی کەندووە، جیاوازی قوڵی ئەم دوو بیرە دەگاتە (266م)، وە جیاوازی بەرزیشیان دەگاتە (72م)، مەودای جیاوازی نێوان قوڵترین و کەمترین قوڵی دەگاتە (266م)، بۆ لادانی پێوانەیی ئەم بیرانە لە خشتەی (3)دا دیارە دەگاتە(54.832م)ە، جیاوازی ئەم ژمارەیە لەگەڵ ناوەندی ژمێرەیی دەگاتە(109.068م)ە، بە بەراووردی هەمان تایبەتمەندی بیرەکانی هەرێمی یەکەم ئەم لادانە دەگاتە(3،766م)کەمترە.

**3- بڕی بەرهەم:** بۆ زانینی بڕی بەرهەمی بیرەکانی ئەم ناوچەیە پەنادەبەینە بەر شیکردنەوەی خشتەی (3)، بڕی بەرهەمی جیاواز لە خۆی دەگرێت، ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە بێگومان بڕی بەرهەمی بیری هەر ناوچەیەك لە یەکێکی تر جیاوازە، کە بەئەگەریکی زۆرەوە هۆکار گەلێك کاریگەریان لە سەری هەیە ئێمە لە بەشی دواتر ئاماژەیان بۆ دەکەین.

جێگەی ئاماژەیە ئەم بڕی بەرهەمەی کە خراوەتە ڕوو لەم بیرانەی کە حکومەت بۆ ناوچە جیاوازەکانی هەڵکەندووە لە نێوان (0 – 300گ/خ)دایە، کە لە بیرەکانی (پرۆژەی گەشتیاری سولاك و گەرەکی شەقڵاوە/2)دا تۆمارکراوە، لە نێوان بەرزی (895 - 984م)هەڵکەندراون.

بەڵام بۆ بیرەکانی کەرتی تایبەت لە زۆرترین و کەمترینی بریتیە لە (8 – 335گ/خ) کە بیرەکانی ( سالار عومر و هۆشیار قادر ) لە نێوان هەردوو بەرزی (1089 – 888م) لە ساڵەکانی (3013 – 2010)دا هەڵکەندراون، پێویستی بە خستنەڕووە کە جیاوازی نێوان کەمترین بەرهەم و زۆرترین بەرهەم یەکسانە بە (335گ/خ)دا، هەروەها لادانی پێوانەییان دەگاتە (408،55گ/خ)، کەئەم ئەنجامەش یەکسان دەبێت بە (26.942گ/خ)دا. کە ئەم لادانە پێوانەییەش کەمترە لە لادانی پێوانەیی بڕی بەرهەمی بیرەکانی هەرێمی نزمترین بە (8.802گ/خ)دا.

پێویستە ئاماژە بەکۆتا داتای بڕی بەرهەمی بیرەکانی ئەم هەرێمە بکرێت، سەر جەمی بڕی بەرهەمی ئەم ئاوەی لە بیرەکانی ئەم ناوچەیە بەرهەم دێت دەگاتە (16800 گالۆن) لە یەك خولەکدا.

**4- ئاستی جێگیر:**

ئەم ئاستەی بیرەکانی سنوری قەزای شەقڵاوە لە نێوان (0 – 240م)دایە، زیاتر لە چەند بیرێك ئەم ئاستەیان یەکسانە بە ئاستی ڕووی زەوی ناوچەکە، ئەم ئاستانەی بە (0)پێوانەکراون پێیان دەگوترێت بیری (ارتوازی) بەهۆی ئەوەی ئاوەکەی خۆی دێتەدەرەوە بەبێبەکارهێنانی هیچ ئامێریکی مژۆك، لە دیارترینیان هەریەك لە بیرەکانی (فواد حسین – نورەالدین مجید، کۆمپانیای دەرئاس، محمد عدالله، خالید سلیم، حسین اسماعیل و جعفر حمید)، بەڵام

قـوڵترین ئاسـتی ئـەم جـۆرە هـەردوو بیـری (ابوزێـد عزیز و گوندی کانی زەگوڕ)تۆماری دەکەن.

شـایەنی ئاماژەیـە ئـەم ئاستـەی بیـرە گشـتیەکان لـە نێـوان ( 8 – 240م)، کـە لـە نێـوان هەردووبـەرزی (975 – 878م) لــــە ئاســــتی رووی دەریــــا هەڵکەنـدراون، بـەڵام بـۆ بیـرە تایبەتیـەکان جیاوازیـان لـە نێـوان هـەمان ئاستی قـوڵترین کـە (240م) و کـەمترین قـوڵی و (0)دایــە. لــە ئــەنجامی شــیکاری داتــا ژمێرەییەکانـدا وابینـراوە کـە مـەودای جیـاوازی نێـوان زۆرتـرین و کـەمترین قـوڵی ئاستی جێگیـری ئـاوی بیرەکـانی ئـەم هەرێمـە (240م)ە، ئـەویش بـەهۆی ئـەوەی جیـاوازی لـە نێـوان (0 – 240م)دایـە، هـەروەها ناوەنـدی ژمێرەیـی سـەرجەم بیرەکـان دەگاتـە (65.63م)، ئــەم ژمارەیــە ناوەنــدی ژمێرەیــی (203)بیـرە، کـە لادانـی ژمێرەیـی ئـەم بیرانـە دەگاتـە (50.329م)ە، کەواتــە جیــاوازی نێوانــان یەکســان دەبێـت بـە (14.06م)ە، ئـەم ژمارەیـە زیـاترە لـە لادنـی ئاسـتی جێگیــری بیرەکــانی هــەرێمی یەکــەم بــە (11.1م).

**5- ئاستی ئاوی جوڵاو:**

ئاسـتی دوای هەڵکێشــانی ئــاوی بیرەکانــە، ئــەم ئاستە بەگشـتی لـە ئاسـتی پێشـەخۆی قـوڵترە، بـەهۆی ئـەوەی کـە لـە دوای هەڵکێشـنی ئـاوەوە تۆماردەکرێـت، لـە ئاسـتی رووی زەوی بیـری ناوچەکـەوە دەپێورێـت تــاکو ئاســتی راوەرســتانی ئــاوی بیرەکــە، بــۆ دیــاریکردنی ئــەم ئاســتە واپێویســت دەکــات ئامــاژە بەوبەرزیـەش بکـەین کـە شـوێنی هەڵکەنـدنی بیرەکەیـە، زۆرتـرین و کـەمترینی ئـەم ئاستە لـە نێـوان ( 1 – 262م)دایـە، بـەرزی بیـری یەکـەم (935م)لـە ئاسـتی رووی دەریایــە کــە (حســین اســماعیل) لــە ســاڵی (2012)دا هــەڵی کەنــدووە، بــەڵام بیــری زۆرتــرن قـوڵی ئـەم ئاستە بـە نـاوی (گونـدی کـانی رەزگۆ)وەیـە، کـــە لـــە بـــەرزی (878م) لـــە ســـاڵی (2009)دا هەڵکەنـدراوە، ئـەم بیـرە لـە هـەردوو ئاسـتدا زۆرتـرین قـووڵی تۆماردەکـات، ئـەم ئاسـتە لـە بیـرە تایبەتـەکان لـە نێـوان ( 1 – 255م)دایـە، بەهەمانشـێوە ئاسـتی جێگیـر هــەردوو بیــری ( حســن اســماعیل و ابوزێــد عزیــز) تۆمــاری دەکــەن، کــە لــە نێــوان بەرزیــەکانی (935 – 1124م) و لـــە نێـــوان ســـاڵەکانی (2012 – 2013)دا لــە ســنوری ناحیــەی (هیــران) هەڵکەنــدراون، ئەگــەر ســەیر بکــەین ئــەم بیــرەی کــەمترینی ئــەم ئاســتە لــەم جــۆرە بیــرە تۆماردەکــات شــوێنە جوگرافیەکــەی (189م) لە ئاستی رووی دەریا نزمترە.

شـایەنی باسـکردنە مـەودای ئـەم ئاسـتە وەك لـە خشـتەی (3)دا بەدیاردەکـەوێت دەگاتـە (261م)ە، کـە لـە ئـەنجامی جیـاوازی قـوڵترین و کـەم قـوڵترینی ئـەم ئاستە دەرهێنـراوە، وە ناوەنـدی ژمێرەیـی ئـەم ئاسـتە بـۆ ســـەرجەم بیرەکـــانی ئـــەم هەرێمـــە یەکســـانە بـە(94.61م)، ئـەم ئاسـتە قـوڵترە لـە ئاسـتی جێگیـر بـە (28.98م)، واتــە بەگشــتی کاتێــك کــە بیرەکــانی ئــەم ناوچەیــە کاردەکــەن ئاســتی ئــاوی ژێــرزەوی (28.98م)دادەبــەزێت. لادانــی پێوانــەیی ئــەم داتــا هایدرۆلۆجیــە دەگاتــە (54.76م)، کــە جیــاوازی نێوانیـان لـە گـەڵ ناوەنـدی ژمێرەیـی یەکسـان دەبێـت بـە ( 39.85م)، کـە ئەمـەش هـەمان ئاسـتی هـەرێمی یەکـەم زیاترە بە (39.726م).

خشتەی (3) داتای هایدرۆلۆجی ئەو بیرانەی دەکەونە نێوان بەرزی (٨٠٠ – ١١٩٩م) لە قەزای شەقڵاوە

| ز | تایبەتمەندی | ژمارە | بچوکترین | گەورەترین | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | مەودا | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | قووڵی | 203 | 60 | 326 | 163.90 | 54.832 | 266 | 33739 |
| ٢ | بەرهەم | 203 | 0 | 335 | 82.35 | 55.408 | 335 | 16800 |
| ٣ | ئاستی جێگیر | 203 | 0 | 240 | 65.63 | 50.329 | 240 | 13688 |
| ٤ | ئاستی گۆڕاو | 203 | 1 | 262 | 94.61 | 54.760 | 261 | 19600 |
| ٥ | بەرزی | 203 | 580 | 1199 | 943.42 | 113.137 | 619 | 193600 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: خشتەی (2)پاشکۆ.

**پێنجەم// تایەبتمەندی هایدرۆلۆجی بیرەکان لە بەرزی ( 1200 – 1599) لە ئاستی ڕووی دەریا:-**

شوێنی ئەم سنورە دەکەوێتە بەشی خۆرهەڵات و باشوری خۆرهەڵات درێژدەبێتەوە بۆ بەشەکانی ناوەراستی ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەریەك لە سنوری ناحیەکانی (هیران، بالیسان و شەقڵاوە) و بەشێکیشی دەکەوێتە سنوری ناحیەی (باسرمە)ەوە، کە زۆرترین بەرزی و نزمیەزاکە دەکەوێتە ئەم ناوچەیەوە.

ڕووبەری ئەم ناوچەیە دەگاتە (161.1کم2)کە ئەم ڕووبەرە لە (10.8%)ی کۆی ڕووبەری قەزای شەقڵاوە پێکدێنێت، ژمارەی بیرەکانی ئەم ناوچەیە کەمتر لە (10)بیر داتایان لای ئێمە دەست دەکەوێت، کەمی ژمارەی ئەم بیرانە هۆکارەکەی بۆ ئەوە نیە کە ئاوی ژێرزەوی نەبێت بەڵکو لە بەرئەوەیە ژمارەی دانیشتوانی کەم تێدانیشتە جێبووە بەهۆی بەرزی ناوچەکە لە ئاستی ڕووی دەریا، کە تەنها ئەم خەڵکانە لەم ناوچانە نیشتە جێن کە خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵن بەتایبەت لە جۆری (مەڕ و بزن).

بەگوێرەی خشتەکە (9)بیر لەم ناوچەیە بوونیان هەیە، چڕی دابەشبوونی بیرەکان بەگوێرەی ڕووبەری ئەم هەرێمە بۆ هەر (1کم2) تەنها (0.055)بیری بەردەکەوێت، ئەگەر داهاتی بیرەکان دابەشی سەر یەکەی ڕووبەر بکەین ئەوا کۆی بۆ هەر(1کم2) دەگاتە (3،5گ/خ)دا، کە ئەویش لە ئەنجامی ئەوەی کە داهاتی بەرهەمی ئاوی بیرەکانی ناوچەکە دەگاتە (510،3گ/خ)دا، کەواتە داهاتی ئاوی بیرەکان تارادەیەك زۆرە بەڵام ژمارەیان لە ناوچەکە کەمە. لێرەدا بەپێویستی دەزانین کە تایبەتمەندی هایدرۆلۆجی بیرەکان بخەینەڕوو، بیرەکانی ئەم ناوچەکە بەوپێەی کە کەوتونەتە نێوان هێلی بەرزی و نزمی (1200 – 1599م) لە ئاستی ڕووی دەریا بۆیە هەڵکەندن لەم ناوچانەدا تارادەیەك ئاسان نیە بەهۆی ئەم بەرزیەی کەباسمانکرد.

**1-شێوازی دابەشبوونی بیرەکان بەڕێگای پەیوەندی هاوسێیەتی:**

پەیوەندی هاوسێیەتی( average nearest nelghbor ) لە نێوان بیرەکانی ئەم هەرێمە لە سنوری قەزای شەقڵاوە، بەشێوەیەك هەربابەتێك کە لێکۆڵینەوەی زانستی لە سەر ئەنجامدەدرێت کارێکی پێوستە، بۆیە دەرئەنجامی شیکردنەوەی داتاکانی خشتەی (4) بە سیستەمە زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)، بەم شێوەیە دەرچووە ئەنجامەکەی بریتیە لە (1.755598).

بەوپێیەی کە ئەنجامی شیکاریەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو ژمارەی (1.00 – 1.19)، کە لە خشتەی (2) خراوەتە ڕوو، کەواتە شێوازی دابەشبوونی بیرەکان لە بەرزترین هەرێمی قەزای شەقڵاوە شێوازی دابەشبوونیان بریتییدەبێت لە شێوازی (هەرەمەکی)، هەروەها بەهای (z-score)بریتیە لە(4،336539) کە ئەمەش گەورە ترە لە بەهای (p-value) کە بریتیە لە (0.000014) لەبەرئەوە گریمانەی بنەڕەتی(سفری) ڕەت ناکەینەوە کەدەڵێت هیچ هۆکارێک کاریگەری لە سەر دابەشبوونی بیرەکان نیە بەشێوەی کۆبوەوەی هەڕەمەکی. وە بنەمای جێگرەوە رەتدەکەینەوە، بەڵکو بە سوتفە وادابەش بووە ئەمەش واناکات ئێمە لەم توێژینەوەیە ئەم ناوچەیە پشت گوێبخەین چونکە بابەتی ڕاستەقینەی ئێمە کارێکی ترە.

نەخشەی (7) دابەشبوونی بیرەکان لە سنوری بەرزی نێوان (1200 – 1599م) لە ئاستی ڕووی دەریا.




سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (3)ی پاشکۆ.

شێوەی (3)دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی بۆ بیرەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی (Arc GIS 10.8) پشتبەست بە نەخشەی (7).

**2- قوڵی بیرەکان:**

یەکێك لە تایەبتمەندیە هایدرولۆجیەکانی بیرەکان بریتیە لە قوڵیەکەیان، کە پێویستە لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی هایدرۆلۆجی ئاماژەی بۆ بکرێت، قوڵی بیرەکانی ئەم هەرێمە دەکەوێتە نێوان (80 – 238م)، کەواتە مەودای نێوانیان دەگاتە (158م)ە، کەمترین قوڵی بیری گوندی نازەنینە، بیرێکە حکومەت بۆ دانیشتوان لە بەرزی (1200م) لە ئاستی رووی دەریا لە ساڵی (2013 )هەڵکەندووە، بەڵام بیری زۆرترین قوڵی ئەم هەرێمە بەر بیری (ئیسماعیل و هاوبەشەکانی )دەکەوێت لە گوندی (قەڵاسنجی سەروو) لە ناحیەی صەلاحەدین لە بەرزی (1204م) لەئاستی رووی دەریا لە ساڵی (2013) هەڵکەندراوە، بەشێوەیەکی گشتی ناوەندی ژمێرەیی قوڵی بیرەکان دەگاتە (164م)ە، هەروەك لە خشتەکەدیارە لادانی پێوانەیی (48.236م)ە، کە ئەمەش ئەوەدەگەیەنێ جیاوازی نێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی پێوانەیی دەگاتە (115.764م)، کە ئەم ژمارەیە گەورەترە لە قووڵی هەردوو هەرێمی پێشەخۆی بە جۆرێك بۆ هەرێمی یەکەم(10.961م)ە و لەگەڵ هەرێمی دووەم (6.696م)، هۆکاری ئەم جیاوازی لادان لە ناوەندی ژمێرەییەی نێوان ئەم هەرێمە بۆ جیاوازی شوێنی هەڵکەندنی بیرەکان دەگەڕێتەوە لە ڕووی بەرزیان لە ئاستی ڕووی دەریا.

**3- بڕی بەرهەم:**

بڕی بەرهەمی بیرەکان بەبایەخترین داتای هایدرۆلۆجیە کەلە خشتەکەدا بەرچاو دەکەوێت، لە بەرئەوەی ئەگەر بڕی بەرهەم نەبوو هیچ لە داتاکانی تر بایەخی نامێنێت، بڕی بەرهەمی ئەم بیرانە لە نێوان ( 37 – 97 گ/خ)دا، هەروەك لە پێشەوە باسمانکرد بیری گشتی و بیری تایبەت لەم ناوچەیە بوونیان هەیە، کەمترین و زۆرترین بەرهەم هەر بەر بیری کەرتی تایبەتی دەکەوێت لە ناوچەکە، بەجۆرێك کەمترین بڕ بیری تایبەتی ( خەسرۆ صالح شێخە) لە گوندی ئاقوبانی سەرو لە ناحیەی هیران لە بەشی باشوری خۆرهەڵاتی ناچەی لێکۆڵینەوە تۆماری دەکات کە بەزیەکەی دەگاتە (1320م)لە ئاستی رووی دەریا، وە لە ساڵی (2013)دا هەڵکەندراوە.

بەڵام زۆرترین بڕ بیری ( تحسین مرعی سلێمان) تۆماریدەکات لە گوندی سپیگرەی ناحیەی هیران لە بەشی باشوری خۆرهەڵاتی ناوچەی لێکۆڵینەوە، وە لە بەرزی ( 1302م) لە ئاستی رووی دەریا لە ساڵی (2012)دا هەڵکەندراوە، بەڵام بۆ بیری کەرتی گشتی بڕی بەرهەم لە نێوان ( 40 – 90گ/خ)دایە، بەشێوەیەکی گشتی وەك لە پێشەوە باسمانکرد بیر کەم هەڵکەندراوە بەتایەت بیری گشتی کەمتر هەڵکەندراوە بەهۆی ئەوەی نشینگەی گوندی و شاریەکان لەم ناوچەیەدا زۆر کەمن، بیری کەمترین بەرهەم دەکەوێتە گوندی ئاقوبانی سەرو لە ناحیەی هیران وە بیری زۆرترین بەرهەم لە گوندی نازەنین لە هەمان ناحیە بەرهەمی دێنن کەبەرزیشان لەدوای یەك (1204 – 1200م) لە ئاستی رووی دەریا.

**4- ئاستی جێگیری بیرەکان:**

ئەم ئاستەی بیرەکان دەکەوێتە نێوان (9 – 150م) لە ئاستی رووی دەریا، بیرە گشتیەکان زۆرترین و کەمترینی ئەم ئاستە یان لە نێوان (9 – 120م)دایە، کەمترین قوڵی ئەم ئاستە بیری گشتی گەرەکی ڕەوکان لە گوندی نازەنین لە سنوری ناحیەی هیران لە بەرزی (1200م)لەئاستی رووی دەریا لەساڵی (2013)دا هەڵکەندراوە، بەڵام زۆرترین قوڵی ئەم ئاستە بەربیری گشتی گوندی زیارەت دەکەوێت لە سنوری ناحیەی هیران، کە لەبەرزی (1209م)لە ئاستی رووی دەریا حکومەت لە ساڵی (2011)بۆ خەڵکی ئەم گوندەی هەڵکەندووە، بەڵام ئاستی جێگیری بیرەکانی کەرتی تایبەتی ئەم ناوچەیە زۆرترین و کەمترین قوڵی لە نێوان ( 40 – 150م)دایە، ئەوەی راستی بێت کەمترین قوڵی بیری ابراهیم و هاوبەشەکانی لە گوندی گۆڕە شێر لە ساڵی (2011) لە بەرزی (1258م)لە ئاستی رووی دەریا هەڵیان کەندووە، بەڵام قوڵترینی ئەم ئاستە لەم جۆرە بیرانە بەر بیری ( تحسین مرعی) دەکەوێت لە گوندی (سپیگرە) لە سنوری ناحیەی (هیران) لە بەرزی (1302م) لە ئاستی رووی دەریا لە ساڵی (2012)ەوە هەڵکەندراوە.

شایەنی باسە ئێمە لەم ناوچەیە تەنها داتای (9)بیرمان هەیە لەناوچەکە ناوەندی قوڵی ئەم ئاستەیان دەگاتە (84.1م)، کە ئەم ئاستە زیاترە لە ئاتسی قوڵی هەرێمەکانی پێشووتر کەباسمانکرد.

**5- ئاستی گۆڕاو:**

ئەم ئاستە لەم ناوچەیە لە نێوان ( 13 – 160م)تێپەڕنابێت، ئەوەی شایەنە باسبکرێت ئەم ئاستە لە بیرە گشتیەکان لە نێوان (13 – 131م)دایە، کە کەمترین قوڵی بیری گشتی بەهەمان ئاستی پێشوو بیری گەرەکی رەوگان لە گوندی نازەنینی ناحیەی هیران تۆماری دەکات، کە بەرزیەکەی لەئاستی ڕووی دەریا دەگاتە (1200م)، بەڵام بیری قوڵترینی ئەم ئاستە بەهەمان ئاستی جێگیر بەر بیری گوندی زیارەت دەکەوێت کە لە بەرزی (1209م)ە.

ئەم ئاستە لە بیرە تایبەتەکان قوڵیان لە نێوان (85 – 160م)دایە، بۆ کەمترین بیری تایبەتی (ابراهیم و هاوبەشەکانی) لە بەرزی (1258م)هەڵیان کەندووە بەڵام زۆرترین قوڵی هاوڵاتی (اسماعیل و هاوبەشەکانی) لە گوندی قەڵاسنجی سەروو لە ناحیەی صەلاحەدین لە بەرزی (2204م) لە ئاستی رووی دەریا هەڵیان کەندووە، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە ناوەندی قوڵی ئەم ئاستەی سەرجەم بیریکانی ئەم ناوچەیە دەگاتە (95.2م)ە، کە ئەمەش بەگشتی لە ئاستی پێشەخۆی زیاترە، بەهۆی ئەوەی ئەم ئاستە دوای دەرهێنانی ئاو پێوانەی بۆ دەکرێت.

خشتەی (3) داتای هایدرۆلۆجی ئەو بیرانەی دەکەونە نێوان بەرزی (1200 – 2600م) لە قەزای شەقڵاوە

| ز | تایبەتمەندی | ژمارە | بچوکترین | گەورەترین | ناوەنـــــــدی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | مەودا | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | قووڵی | 9 | 80 | 238 | 164.00 | 48.236 | 158 | 1476 |
| ٢ | بەرهەم | 9 | 37 | 97 | 63.00 | 22.170 | 60 | 567 |
| ٣ | ئاستی جێگیر | 9 | 9 | 150 | 93.44 | 46.779 | 141 | 841 |
| ٤ | ئاستی گۆراو | 9 | 13 | 160 | 105.78 | 46.912 | 147 | 952 |
| ٥ | بەرزی | 9 | 1200 | 1450 | 1261.89 | 83.971 | 250 | 11357 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (3)ی پاشکۆ.

## شەشەم// تایبەتمەندی هایدرۆلۆجی بیرەکان لە بەرزی ( 1600 – 1999 وە 2000 – 2500م) لە ئاستی ڕووی دەریا:-

ئەم ناوچەیە بەشەکانی باشور و باشوری ناوەراستی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدێنێن، دەکەونە نێو ڕووبەری هەریەك لە ناحیەکانی (بالیسان و هیران و سەنتەری قەزا)، ڕووبەری ناوچەی بەرزی (1600 – 1999م) دەگاتە (29.5کم2)یە، کەدەکاتە تەنها لە (2%)ی کۆی ڕووبەری قەزامە، بەڵام ڕووبەری ناوچەی بەرزی (200- 2500م) لە ئاستی ڕووی دەریا زۆر بچوکە بەجۆرێك تەنها لە (0.1%)کۆی ڕووبەری قەزاکە پێکدێنیت چونکە تەنها (1.8کم2)داگیردەکات لە قەزاکەدا. واتە بەکۆی هەردوو ڕووبەرەکە تەنها لە (2.1%)ی قەزای شەقڵاوە لەنێوانی ئەم بەرزیەدان، هەروەك ئاماژەم پێکرد لەم ناوچەیەدا داتای هیچ بیرێکمان دەست نەکەوتووە چ تایبەت یان حکومی بێت، ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردبێت چەند هۆکارێك هەبووە بۆ ئەوەی لەم ناوچانەدا بیر هەڵنەکەندرابێت لە دیارترین هۆکارەکانیش.

1-بەهۆی زۆری بەرزیان لە ئاستی ڕووی دەریاوە ئامێرەکانی هەڵکەندن توانای هاتوچۆیان باش نیە.

2- کەمی ژمارەی دانیشتوان لەم هەرێمەدا خاڵیکی تری بەهێزی نەبوونی بیرە لەم هەرێمەدا، کە ئەگەر ژمارەیەکی کەمیش لەدانیشتوان لەم ناچەیەبن کۆچەریەکانن کە بەردەوام شوێنیان دەگۆرن.

3-لەم ناچانەدا هەندێك کانی بوونیان هەیە کە جێگەی بیریان پڕکردۆتەوە.

4-شایەنی باسە بەهۆی بەرزی ناوچەکەوە زۆربەی کات لەم ناوچانەدا ئاوی ژێرزەوی لە قوڵیەکی زۆردایە، کە ئەم قوڵکردنە زۆرش تێچوویەکی زۆری دەوێت( چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز د.مەسعود حسین حمید، مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین، بەشی جیۆلۆجی، ڕێکەوتی 3-6-2022).

بۆ ئەم ناوچەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی هەولێرمانکردووە لەگەڵ بوونی دۆسیەی هەموو بیرەکانی سنوری پارێزگای هەولێر کە ناوچەی لێکۆڵینەوەشمان بەشێکە لەم پارێزگایە، هەروەها خۆشمان کێوماڵی سەردانی ناوچەکەمانکردووە هیچ بیرێکمان بەدی نەکردووە لە سنوری بەرزیەی قەزاکە، بۆیە ناتوانین بەهیچ شێوەیەك بڕیاری دەوڵەمەندی یان هەژاری ئەم ناوچەیە بدەین.

## حەوتەم// تایبەتمەندیە هایدرۆلۆجیەکانی کانیاوەکان:

کانی، بریتیە دەرکەوتنی ئاوی ژێرزەوی لەسەر زەوی بەشێوەی سروشتی لە ئەنجامی یەکتربڕینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی لەگەڵ بەرزی و نزمی ڕووی زەویدا (محسوب، 2008، ص 45)، یان بەشێکی لاواز لەڕووی زەویدا هەبێت، کە نەتوانێت بەرگری لە پەستانی ئەو ئاوەبکات لە چینی جیۆلۆجی تێربوو لەئاو هەیە، لە ئەنجامدا خۆی بەسروشتی دێتەدەرەوە بەشێوەی کانیاو (الخشاب، 1983، ص 24)، بڕی ئاوی کانیەکان لە ساڵێکەوە بۆساڵێك و لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر گۆڕانی بەسەردادێت و دەوەستێتە سەر بڕی باران و بەفری باریوو (ئەسعەد، 2003، ل117)، بەشێوەیەکی گشتی چەند جۆرێك لە کانی هەیە کە لەم خاڵانەدا چرمانکردونەتەوە.

1- کانیاوی کارستی:- لە چینەکانی لایمستۆن(Limstone) و جبسۆم(Gypsum)دروستدەبێت، ئەم جۆرە کانیانە بۆ هەڵقولانیان پێویستیان بەهەل و مەرجی گونجاو هەیە بۆیە لە هەموو شوێنێك هەڵناقوڵێن، بۆ دروست بونی ئەم جۆرە کانیانە

دەبێت بەردەکانی ناوچەکە چین چین بێت و ئەستوریەکەی لە چەند سانتمەترێك کەمتر نەبێت و بۆشایی و درزداربێت، لە ژێریەوە چینێك بەرد هەبێت، کە ڕێگە بە تێپەڕبوونی ئاوەکە نەدات بۆ چینەکانی ژێرەوە.
- کانیاوی دابڕاو:- ئەم جۆرە کانیانە دروست دەبێت لە ئەنجامی چینە بەردێکی نادەڵێنەردەکەوێتە سەر چینە بەردێکی دەڵێنەری خەزانی ئاوی باش کاتێك لە ناوچەیەکدا چینی سەرەوە دادەبەزێتە ژێرەوە لەو کاتەدا ئاوەکە دەردەپەڕێتە دەرەوە.
3- کانیاوی کەنار ڕووبار:- لە ئەنجامی ڕامالینی هەردوولای ڕووبارەکان و ڕووتانەوەی ئەم چینەبەردانەی یارمەتی کۆبوونەوەی ئاو نادات و دەرکەوتنی ئەم چینە بەردانەی، کە ئاوی لە ناو کۆدەبێتەوە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی کانیاو لەم لاو ئەولای ڕووبارەکان. زۆربەی کەنار ڕووبارەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەم جۆرەکانیە بەرچاو دەکەوێت.
کانیاوی درۆزنە:- ئەم جۆرە کانییانە بۆیە بەم ناوە ناونراوە لەگەڵ دابارینی بەفر و باران ئاوی زۆر دەبێت و لەکاتی نەمانی دابارین ئاوی تیادانامێنێت. ئەم جۆرەشیان لە زۆر شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەرچاو دەکەوێت بەتایبەتی لەوەرزی بەهار و زستان ( تاڵەبانی، 2008، ل99).
خەسڵەتی کانیاوەکانی سنوری قەزای شەقڵاوە بەگوێرەی هەرێمەکانی بەرزی و نزمی دەخەینەڕوو:

**1- تایبەتمەندی یەکەی بەرزی ( 326 – 799) لە ئاستی ڕووی دەریا:-**

ئەم هەرێمە نزمترین ناوچەکانی سنوری قەزکە لە خۆدەگرێت و ژمارەیەکی کەم لە کانیەکان لەم ناوچەیە بەرچاو دەکەون کە لە خشتەی (5)دا خشتۆتمانە ڕوو، تەنها لە (14.9%)کانیاوەکانی سنوری قەزاکە لە خۆدەگرێت، وە زۆرترین ژمارەیان دەکەوێتە سنوری ناحیەی هەریر لە بەشی ڕۆژۆژئاواو باکوری ڕۆژئاوای قەزای شەقڵاوە و وە ناحیەی سەلاحەدین کە دەکەوێتە بەشی خۆر ئاواو باشوری خۆر ئاوی سنوری قەزاکەوە، ئەوەی جێگەی سەرجە کانیاوەکانی ئەم ناوچەیە بەگشتی بڕی بەرهەمیان لە نێوان ( 5،2 – 115 گ/خ)دایە، بڕوانە خشتەی (5)، کەمترینی ئەم بەرهەمە کانیاوی (مەرجان) لە سنوری ناحیەی سەلاحەدین تۆماری دەکات بە (38.7گ/خ)دا کە لە پلەی شەشەمدایە، وە بەرزیەکەی لە ئاستی ڕووی دەریا تەنها (441م)ە، بەڵام بۆ زۆرترین بڕی بەرهەمی ئەم هەرێمە ئاماژە بەکانیاوی کانی هەنجیر دەکەین لە سنوری ناحیەی هەریر کە بڕی بەرهەمی دەگاتە (1780.2گ/خ)دا، ئەم بەرهەمە هاوتای پلەی سێیەمە، بەرزیەکەی (741م) لە ئاستی ڕووی دەریا. تێگرای بڕی بەرهەمی کانیاوەکانی ئەم هەرێمە دەگاتە (5306.87)دا کە دەکاتە لە (71%) کۆی بڕی بەرهەمی کانیاوەکانی سنوری قەزای شەقلاوە.

بەگشتی ژمارەی کانیاوەکانی لەسنوری ئەم هەرێمە کەمە بەڵام بڕی بەرهەمیان زۆرە، کە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕیتەوە کە نزمترین بەشی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەخۆدەگرێت کە زۆربەی کانیاوەکان دەکەونە لێواری ڕووبارەکان و هۆکارێکی سەرەکی پێکهێنانی سەرچاوەی ئاوی ڕووبارەکانی ناوچەکانن.

**2- تایەبتمەندی کانیاوەکان لە بەرزی نێوان( 800 – 1199) لە ئاستی ڕووی دەریا:-**

ئەم ناوچەیە زۆرترین ژمارەی کانیاو لە خۆدەگرێت کە دەگاتە (53)کانی، کە بەتەنها لە (79%)کانیاوەکانی ئەم ناوچەیە لە خۆدەگرێت بەڵام بۆ بڕی بەرهەم پێچەوانە دەبێتەوە کە بڕی تەنها لە (26%)کۆی کانیاوەکانی ناوچەکە بەرهەم دەهێنێت کە ئەویش دەگاتە (1943.3گ/خ)دا.

شایەنی ئاماژەیە کەمترین بڕی بەهەمی ئەم هەرێمە بەر کانی بێشور دەکەوێت لە گوندی شیرەی خوار و کە ئاستی کانیەکە لە ڕووی دەریا دەگاتە (1004م)ە، بەڵام زۆرترین بەرهەمی کانیەکانی ئەم ناوچەیە کانی پیرە سێنێ لە گوندی خەتێ کە بەرزیەکەی دەگاتە (1059م)لە ئاستی ڕووی دەریا، وە ناوەندی بەرهەمی کانیاوەنی ئەم ناوچەیە یەکسانە بە( 2.3گ/خ)دا.جێگەی سەرنجە کە کانیاوەکانی ئەم هەرێمە بەرزترینیان ( 804م) لە ئاستی ڕووی دەریاوەیە لە گوندی دەراش بەناوی کانی مزگەوتە، بەڵام کانی (سماندارەیە) لە گوندی خەتێ بەبەرزی (1167م)لە ئاستی ڕووی دەریاوەیە.

**3- تایەبتمەندی کانیاوەکان لە بەرزی نێوان( 1200 – 1599) لە ئاستی ڕووی دەریا:-**

بەرزترین هەرێمی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە کە کانیاوی تێداتۆمارکراوە، ژمارەیان تەنها دەگاتە (4)کانیاوە، ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆکردنە ئەم هەرێمە کەمتر دانیشتوان تیایدا نیشەجێبوون بەهۆی بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریاوە، بڕی بەرهەمی کانیاوەکانی ئەم ناوچەیە دەگاتە ( 224.2گ/خ)دا، کە بۆ هەرکانیەك ناوەندی بڕی بەرهەمی دەبێتە (3.4گ/خ)دا، کە ئەم بڕەش بەگوێرەی کەمی ژمارەیان بڕێکی زۆرە لە دوای ناوچەییەکەم بەپلەی دووەم دێت، کە زۆرترین بڕ کانی (ئاوەشێر) لە گوندی شێرەی سەروو لە بەرزی (1376م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە، بەڵام بۆ کەمترین بڕ کانی ( کانی ریخ) لە گوندی شێخ وەسان لە بەرزی (1211م) لە ئاستی ڕووی دەریا کەتەنها بڕەکەی لە یەك چرکەدا (0.46.3گ/خ)ە.

**4- تایەبتمەندی کانیاوەکان لە بەرزی نێوان( 1600 – 1999 و 2000 - 2500) لە ئاستی رووی دەریا:-**

ئەم هەرێمە بەرزترین بەرزاییەکانی ناوچەی لێکۆلێنەوە تۆماردەکات، کە شوێنی جوگرافیان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدەکەوێتە بەشەکانی باشور و باشوری خۆرهەڵاتی ناوچەکە لە خۆدەگرێت، کە دەکەونە ناو سنوری هەریەك لە ناحیەکانی بالیسان و هیران و سەنتەری قەزای شەقڵاوە وە، ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە، ئەم دوو هەرێمی بەرزی و نزمیە هیچ سەرچاوەیەکی کانی تێدا تۆمارنەکراوە، ئەویش لە بەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە.

بەهۆی ئەوەی کە بەرزترین بەرزاییەکانی ناوچەکە لەخۆدەگرێت، وە سەرچاوەی کانیەکانیش ژمارەیەکی زۆریان لە بنکی بەرزاییەکان بەدیاردەکەون، سەرچاوەی ئەم بیرۆکەیەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە بەشە بەرزەکانی بەرزاییەکانەوە ئاوی داباریو هەڵدەمژرێت و لە بەنکی بەرزایەکانی لە شێوەی سەرچاوەی کانی دەردەپەرێت بەتایەبت لە ساڵە زۆر داباریوەکاندا.

خشتەی (4) دیاریکردنی پلەی کانیاوەکان بەگوێرەی بڕی بەرهەمیان.

| پله | بڕی لەبەر ڕۆیشتن (ل/چ) | پله | بڕی لەبەر ڕۆیشتن(ل/چ) |
|---|---|---|---|
| یەکەم | زیاتر ٢٨٣٠ | پینجەم | ٦،٣١ ـ ٠،٦٣١ |
| دووەم | ٢٨٠ ـ ٢٨٣٠ | شەشەم | ٠،0٦٣١ـ٠،٦٣١ |
| سێیەم | ٢٨0 ـ ٢٨،٣ | حەوتەم | ٠،٠٠631 -٠،٠٠079 |
| چوارەم | ٢٨،٣ ـ ٦،٣١ | هەشتەم | کەمترلە ٠،٠٠٧٩ |

سەرچاوە: - نضیر الانصاري، (1979)، مبادی الهیدروجیولوجی، مطبعه کلیه العلوم، جامعه بغداد، ص188

بەهۆی ئەوەی کە بەرزترین بەرزایەکان دەگرێتەوە بۆیە دانیشتوان لەم ناوچانە دانیش نەبوون بۆ ئەوەی هەوڵبدەن بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی کانیاوەکان لەم ناوچانەدا.

لەگەڵ ئەوەی زۆرترین داباریوەکان لەم ناوچانەدا دەبارێت بەڵام سیفاتی ناوچە بەرزاییەکان وایە کە لە بەشەکانی سەرەوە ئاو دەمژێت و لە بەشەکانی ژێرەوە دەری دەداتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم هەرێمەی بەرزی و نزمی کە رووبەرێکی کەمی ناوچەی لێکۆڵنەوە پێکدێنن هیچ سەرچاوەیەکی کانیاوی تیا تۆمارنەکراوە بۆیە ئێمەش زۆرسەرنجی لێکۆڵینەوەکانمان ووردناکەوینەوە لەم ناوچەیەدا.

خشتەی (5) خەسڵەتی کاني و کارێزەکان سنوری قەزای شەقڵاوە.

| ژ | شوێنی کانی | ناوی کانی | بەرهەم (گ/خ) | پلەکەی | شوێنی فەلەکی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | بازنەی پانی | هێڵی درێژی | ب.ل.د(م) |
| 1 | بیراوە | کانی ژنان | 15.48 | پێنجەم | 36.43219 | 44.5218 | 1088 |
| 2 | بیراوە | کانی پیاوان | 19 | پێنجەم | 36.4342 | 44.51647 | 1109 |
| 3 | بیراوە | کانی تەلان | 57 | پێنجەم | 36.43219 | 44.5218 | 1217 |
| 4 | بیراوە | کانی | 45.9 | پێنجەم | 36.42635 | 44.51511 | 1011 |
| 5 | بیراوە | چوار دیوار | 15.48 | پێنجەم | 36.42925 | 44.51212 | 996 |
| 6 | بێراوە | مێرگەسیر | 20.5 | پێنجەم | 36.42574 | 4.51934 | 1027 |
| 7 | بێراوە | ماشکان | 31.68 | پێنجەم | 36.4304 | 44.51727 | 945 |
| 8 | بێراوە | شەمشە مۆر | 12.6 | پێنجەم | 36.43137 | 44.50694 | 1173 |
| 9 | بێراوە | بۆکریە | 6.3 | شەشەم | 36.42696 | 44.50806 | 1011 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 10 | بێراوە | سەرۆتە | 33.2 | پێنجەم | 36.42293 | 44.512 | 1061 |
| 11 | شیرێی سەروو | زارەتان | 4.7 | شەشەم | 36.41637 | 44.60256 | 1028 |
| 12 | شیرێی سەروو | بێوك | 9.5 | شەشەم | 36.41639 | 44.60729 | 1312 |
| 13 | شیرێی سەروو | ئاوەشێر | 142.5 | چوارەم | 36.41758 | 44.59748 | 1376 |
